# ڕەزیل ئەو کەسەیە کە ناوی من لە لای ئەو باسبکرێت، بەڵام سەڵاتم لەسەر نەدات

لە حوسەینی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ڕەزیل ئەو کەسەیە کە ناوی من لە لای ئەو باسبکرێت، بەڵام سەڵاتم لەسەر نەدات».
[صەحیحە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداریداوە سەبارەت بە وازهێنان لە سەڵاتدان لەسەری لەکاتێکدا ناوی یان سەرناوی یان وەسفی ئەو دەبیسترێت، وفەرموویەتی: ڕەزیلی تەواو ئەو کەسەیە کە ناوی منی لەلا باسدەکرێت بەڵام سەڵاتم لەسەر لێنادات؛ ناوهێنانی ئەو کەسە بە ڕەزیل بەهۆی ئەم هۆکارانەیە: یەکەم: ڕەزیلە سەبارەت بە شتێك ئەگەر بیڵێت هیچ شتێکی کەم یان زۆر لەدەست نادات، وپارە نابەخشێت، وهەوڵدانێکی ئەوتۆی ناوێت. دووەم: ڕەزیلە لەئاست نەفسی خۆی وبێبەشی کرد لە پاداشتی سەڵاتدان لەسەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-؛ چونکە کاتێك نایەوێت سەڵاتی لەسەر بدات ئەوا تووشی ڕەزیلی بووە وڕێگرە لەئاست جێبەجێکردنی مافێك کە لەسەریەتی پێی هەستێت وەکو گوێڕایەڵیەك و بەهۆیەوە پاداشتی دەستدەکەوێت. سێیەم: سەڵاتدانی لەسەری؛ جێبەجێکی هەندێك لە مافەکانی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم-، چونکە ئەو فێری کردین، وڕێنموێنی کردین، وبانگی کردین بۆ لای الله -تبارك وتعالى-، وئەم وەحی وشەریعەتەی پێگەیاندین، ئەو هۆکاری هیدایەتدانی ئێمەیە -لە پاش الله (سبحانه وتعالى)- بۆیە هەرکەسێك سەڵاتی لەسەر نەدات ئەوا ڕەزیلە لەئاست نەفسی خۆی، وڕەزیلە لەئاست مافی پێغەمبەرەکەی -صلى الله عليه وسلم- کە یەکێکە لە بچووکترین مافەکانی لەسەرمان.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee